# له ئەرشیفی بیرەوەریمدا

## د. وریا عومەر ئەمین

١- فەرەیدوون عەلی ئەمین - له کتێبی چلەی ماتەمینی مامۆستا (فەرەیدوون عەلی ئەمین) دا (١٩٩٣) ل ٢٣ ـ ٢٤ بڵاوبۆتەوە . هەروەها ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٧ م ٢٠٠٧/١١/٢٢

٢ ـ غازی فاتح وەیس ـ گ. ڕۆشنبیری نوێ ژ ١٠٨ م ١٩٨٦

٣ ـ پێخەنێکی زمانەوانی - ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٨ م ٢٠٠٧/١٢/٢٢

٤ ـ جەرگی دایک ـ ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٩ م ٢٠٠٨/١/٢٢

٥ ـ پینە کردن ـ ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٩١ م ٢٠٠٨/٣/٨

٦ ـ گوڵی کێوی ...ماڵئاوایی لێ کردین ـ ڕۆژنامەی بەدرخان. ژ ٩٩ م ٢٠٠٨/٧/٨

٧ ـ ئاوا دەژیاین ـ ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ١٢٢ م ٢٠٠٩/٧/٢٢

٨ ـ جەژنی کەران ـ ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ١٤٣ م ٢٠٠٩/٨/٨

٩ ـ گیوی موکریانی ـ ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ١٤٥ م ٢٠١٠/٧/٢٦

١٠ ـ مەدحەت بێخەو ـ ڕۆژنامەی هەولێر ژ ١٨٥٩ م ٢٠١٤/٣/١٢

١١ ـ د. کەمال غەمبار ـ ڕۆژنامەی هەولێر ژ ١٩٠٥ م ٢٠١٥/٥/٢٢

١٢ ـ ئیبراهیم باڵدار ـ ڕۆژنامەی هەولێر. ژ ١٩٤١ م ٢٠١٤/٧/١٣

١٣ ـ کەریم شارەزا ـ ڕۆژنامەی هەولێر ژ ٢١٧١ م ٢٠١٥/٧/٢

١٤ ـ داری ساری ـ ڕۆژنامەی هەولێر ژ ٢١٧٧ م ٢٠١٥/٧/١٢

١٥ ـ عبدالرزاق بیمار ـ ڕۆژنامەی هەولێر. ژ ٢١٨٥ م ٢٠١٥/٧/٣٠

١٦ ـ مەکەنزی ـ ڕۆژنامەی هەولێر ژ ٢٣٢٤ م ٢٠١٦/٢/٢٥

١٧ ـ بڕوانامەی بەشیرا ـ ڕۆژنامەی هەولێر ژ ٢٤٧٢ م٢٤/١٠/ ٢٠١٦

١٨ ـ لەتیف حامید ـ

١٩ ـ د. کەمال فوئاد ـ له کتێبی (کەمال فوئاد پیاوێک له یاقووت ـ حەمید بەدرخان) ٢٠١٦

٢٠ ـ حسین علی محفوظ ـ جریدة البرلمان ع ١٠٤٣ في ٢٠١٠/١/١٩ و جریده کلیه اللغات ٢٠١٠/٩

# جەرگی دایک

## د. وریا عومەر ئەمین

ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٩ م ٢٠٠٨/١/٢٢

لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە کولێجی پەروەردەی سەر بە زانکۆی بەغداد , سەرۆکی بەشی کوردی بووم... بەشەکە بە ناو بەشی کوردی بوو کەچی زۆر بە دەگمەن کوردی تیا وەرئەگیرا.لە هەر قۆناغەی لە نێوان شەست حەفتا قوتابیدا مەگەر تاك و تووك کوردیان تیا با ، ئەوانیتر هەموو عەرەب ، کە بە هیچ جۆر ئارەزووی خوێندنیان لە بەشی کوردیدا نەئەکرد، بەڵام ناچار ئەبوون لەترسی عەسکەریی سەردەمی جەنگدا قبوولی کەن. ئێمەی مامۆستایانی بەشەکە گیرمان بە دەس ئەو بارە نالەبارەوە خواردبوو. لە لایێکا هەوڵمان ئەدا و بەردەوام داوامان ئەکرد بەشەکە زیاتر قوتابیی کوردی تیا وەرگیریٚ لە لایێکی ترەوە بەزەییمان بە قوتابییە عەرەبەکان ئەهاتەوە کە بە زۆر ئەم بەشەیان بەسەرا سەپێنرابوو.

ئێمەی مامۆستایانی بەش هەمووما‌ن.. بە گیانێکی شارستانانە هەڵسوکەوتمان لە گەڵیانا ئەکرد. رووما‌ن ئەدانیٚ ، یارمەتیمان ئەدان ، هەمیشە لەگەڵیانا رووخۆش بووین.. لە وانەکانا باسی زمان و ئەدەب و مێژوو و هونەر و کۆمەڵی کوردمان بۆ ئەکردن.بە شێوەیێکی ناراستەوخۆ زۆر شتمان لە بارەی کورد وکێشەی گوردمان تیٚ ئەگەیاندن....ئەنجام وای لیٚ ئەهات بەرە بەرە لە گەڵ بەشەکەدا بگونجێن و خۆشەویستیی ئێمەیان لە دڵ بنیشیٚ و بە چاوێکی تر سەیری ئێمەی کورد بکەن. بەمە بە شێوەیێکی عەفەوی بەشی کوردی بوو بە مەڵبەندیٚ بۆ پڕۆباگەندە کردن بۆ کورد لە بەغا لەو سەردەمە سەختەدا .لەمەدا ئەنجامی چاکمان وەدی هێنا. زۆر دۆستمان دەسگیرکرد ... رای زۆر لەو گەنجانە بەرامبەر بە کورد هاتە گوڕین. جارێکیان قوتابییەك وتی ( پێش ئەوەی بێمە ئەم بەشە زۆرم رك لە کوردبوو.. ئیستا ئەڵێم خۆزگە کورد بام). ئیستاش بە سەدانیان بەردەوام پەیوەندیمان پیٚ ئەکەن و سەردانمان ئەکەن و لێمان ئەپرسنەوە.

گەلیٚ بیرەوەریی سەیر و خۆشی ئەو بیست و حەوت ساڵە لە تۆماری یادگاریما خۆیان حەشارداوە.هەر جارەی یێکێکیان ئەگێڕمەوە:

# گوڵی کێوی ... ماڵئاواییی لێ کردین.

## د. وریا عومەر ئەمین

ڕۆژنامەی بەدرخان. ژ ٩٩ م ٢٠٠٨/٧/٨

لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا من لە بەشە کوردییەکەی زانکۆی بەغدادا قوتابی بووم و د. ئیحسان فوئاد مامۆستام بوو. .. سێ ساڵ وانەی ئەدەب و رەخنە و زمانی ئینگلیزیی پێ وتینەوە.

وانەکانی د. ئیحسان چێژ و تام و بۆییێکی تایبەتییان هەبوو چ لە رووی جۆری وتنەوەیان ، چ لە رووی سروشتی بابەتەکانییەوە... باسی تازەگەری و رێبازە ئەدەبییەکانی بۆ ئەکردین. ئێمەی بە شیلی و بایرۆن و ولیەم بلێك و وردسوێرت و پۆشکین ناساند.. ئاشنای ئەدەبی جیهانی و رۆمانتیکیی کردین... وانەکانی هەموو کۆڕی ئەدەبی و رۆشنبیری بوون هەرگیز لێیان تێر نەئەبووین...

د. ئیحسان هەروەك چۆن مامۆستا و پەروەردگارێکی مۆدێرن بوو .. هاوڕێی قوتابییانیش بوو.... ئێمە دەستەیێك ئەدەب دۆست و شاعیر بووین ، بەردەوام دەور و خولمان ئەدا..ئەچووینە لای لەماڵەوە ...لەگەڵیا ئەچووین بۆ سەیران...

لە ساڵی چوارەمماندا بوو ..لە پشووی نیوەی ساڵدا هەموو پۆلەکە لەگەڵیا گەشتێکمان بۆ شاری بەسرا کرد. ئەم گەشتە خۆشترین یادگاریی ژیانمانە.

دوای تەواوکردنی خوێندنم و گەڕانەوەم لە ساڵی ١٩٨٠ دا هەر لە بەشە کوردییەکەی خۆمان دامەزرێنرام و نزیکەی بیست ساڵ تیایا هاوکار بووین...واش رێکەوت ١٤ ساڵ دراوسێ بین. ئەمە دەرفەتی دامێ زۆر لە نزیکەوە باشتر بیناسم و زیاتر شارەزای بم.

د. ئیحسان مرۆڤێکی مرۆڤ بوو .. رەوشت بەرز بوو .. رووخۆش و دڵڕوون و دڵپاك و هێمن و لەسەرەخۆ بوو.. خاوەنی خۆی بوو ..جەرگسۆزی خاك و نەتەوەکەی بوو...لە ژیان گەیشتبوو..... شاعیرێکی ناسك و دڵتەڕ بوو .. داهێنەر بوو ... رەخنەگرێکی سەرکەوتوو بوو.. هەرچی رك و کینە لە دڵیا نەبوو... باسی کەسی نەئەکرد.. ناوی کەسی بە خراپە نەئەهێنا.. هەرچی گیروگرفت بایە بە قسە خۆش و بەشیرییاتەکانی چارەسەری ئەکرد.

کۆچکردنی د. ئیحسان داخ و کەسەرێکی گەڵێ گەورەیە.. برینێکە هەرگیزاوهەرگیز سارێژ نابێت..

# ئاوا ئەژیاین
## وریا عومەر ئەمین

ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ١٢٢ م ٢٠٠٩/٧/٢٢

خەریکی دەرس وتنەوەی خۆم بووم...لەپڕ دەرگا کرایەوە و بەڕێوەبەری قوتابخانە دەرکەوت دوو پۆلیسی چەکدار لە دوایا ، بێ ئەوەی بێتە ژوورەوە یا دەستی لەسەرکێلوونی دەرگاکە هەڵگرێ...بەدەنگێکی نووساوی کزۆلکەوە وتی:

– مامۆستا بێ زەحمەت.

کە ئەم دیمەنە سامناکەم بینی ...تۆقیم.. هەموو گیانم سڕ بوو...هەناسەم تەنگ بوو.. گەرووم وشك بوو...بیرم چوو کە من لەبەردەم قوتابییانم ...جڵەوی خۆڕاگرتنم لە دەست بەزی و بە دەنگێکی بەرز وتم:

– – من..!؟ بۆ..!؟..چیم کردووە..!؟

بەڕێوەبەر هیچ دەنگی نەکرد ... لێوەکانی هێنایە یەك و ئاوڕێکی دواوەی دایەوە و سەیرێکی کردمەوە.

نەمزانی چی بکەم ؟ چی بڵێم.؟.سەیرێکی قوتابییەکانم کرد وەك پەنایان بەرمە بەر..ئەوانیش واقیان وڕمابوو ، ماتییەکی قورس باڵی کێشابوو بە سەریانا . لەسەرو سیمای هەر یەکەیانا هەزار پرسیار بەدی ئەکرا. چارم نەبوو ...تەباشیرەکەی دەستمم فڕێ دا و پێشیان کەوتم. بەڕێوەبەر تا بەردەرگا بەڕێی کردین. زیلێکی پڕ پۆلیس وەستابوو ..و.. راپێچیان کردم.

ویستم لێیان بپرسم ، لەسەرچی و بۆکوێم ئەبەن ، بەڵام زمانم بەسرابوو ، چەندی کردم هیچم بۆ نەوترا. چەندی کردم نەمتوانی هۆیێك بدۆزمەوە بڵێم لەوانەیە لەسەر ئەوەبێ. هەرگیز لەهەموو ژیانما توخون سیاسەت نەکەوتووم . ناخۆشیم لەگەڵ کەسا نەبووە. هەرگیز ناوی دەسەڵاتم بە چاك و خراپ لای کەس نەبردووە...مەتەڵێ بوو بۆم هەڵنەئەهێنرا. تا پۆلیسخانە هەر ئەم جۆرە بیرانەم ئەکردەوە.. لەوێ منیان خستە ژوورێکەوە و دەرگایان لەسەرما داخست. لە پشت دەرگاکە دارێك هەڵپسێررابوو.

ماوەیێکی بەسەرا چوو نەمزانی زۆر بوو یا کەم ، کابرایێکی رەشتالّم لیّ هاتە ژوور ، دەفتەرێکی بە دەستەوە، کیَن و پیسیی لیّ ئەتکا..زەردەخەنەیێکی گرژاویی تالّی تێگرتم و لێی پرسیم :

– تۆ مامۆستا (...) ی .؟

– بەلّیّ...

– کاکا.. دەمێکە بەردەوام دونگوباسی تۆمان پیّ ئەگا کە تۆ هاوکاری لەگەلّ چەتەکان ئەکەیت و... قسەکەم پیّ بڕی و وتم:

– چەتەی چی و هاوکاریی چی! ؟ بۆ خاتری خودا... ئەوە من نیم ... هەرگیز من نیم ... من کابرایێکی بیّ دەخلّم... هیچ پەیەیوەندییێکم بە هیچ لایەنێکەوە نییە و ...بە تووڕەیییەوە وتی:

– با نە تۆ و نە ئیمە هیلاك نەبین .ئەم قسانەت هیچ پارە و پوول ناکەن ..ئێمە ئاگاداری هەموو شتێکین ...لەسەرت ئیسپات بووە.. ناوی ئەو کەسانەمان پیّ بلّیّ هاوکارییان لەگەلاّ ئەکەیت..هەر ئیمڕۆ و ئیستا ئەچیتەوە ناو مالّ منالّی خۆتەوە.

هەزار سوێندم بۆ بە خوا و نامووس خوارد سوودی نەبوو..قیژاندی بەسەرما:

– ئێوە هەی نۆکەری هیچوپووچینە ..کەی ئەبن بەپیاو؟؟ کەی واز ئەهێنن ؟ و ...کەوتە جوێندانی بازاڕی و دەستی بۆ دارەکە برد و بەربووە گیانم..هەرچی لەشمە هەلا بە هەلای کرد..ئەو ئەیقیژاند... بلّیّ... من نەمئەزانی چی بلّێم. دوای ئەوەی تێر دارکاریی کردم و هەموو گیانی گواندم.. دەرچوو و دەرگاکەی لە دوای خۆیدا کلیل دا.

نزیك رۆژئاوابوون بوو...تینوو ... برسی ... لەدەست ئازار و خەمی منالّەکانم ئەتلامەوە و حەجمینم نەمابوو.. دەرگا کرایەوە، دوو پۆلیس هاتن راپێچیان کردم بۆ ناو ئەو بەندیخانەیەی لە پشت پۆلیسخانەکە بوو. بەندیخانەکە جمەی ئەهات..هەر منیان پالّدایە ژوورەوە بۆنێکی ساردی ناخۆش دای بە لووتما...لەناو غەلّبەغەلّبی بەندەکانا گێژ بووم ... سەرم سووڕا ... بەرچاوم تاریك بوو و... بوورامەوە.

کە هاتمەوە هۆش خۆم.. بەندەکان لە ژوور سەرما بوون و دەوریان دابووم ...دلّیان دامەوە ... ئاو و خواردنیان بۆ هێنام...و .. ئیتر بووم بە یەکیّ لێیان ...رۆژ هات رۆژ چوو تا بوو بە پێنجەم...بەیانییەکەی بوو ...ناوی من بانگ کرا.. وەك کێچ راپەڕیم و چوومە پێش و وتم:

– – بەلّیّ منم.

- منیان بردە لای ئەفسەرێکی سەرشان چنراو بە ئەستێرە. هەر چووینە ژوورەوە ئەفسەرەکە یەکسەر لە بەرم هەڵسا و بۆم هات.. زەردەخەنەیێکی شەرماوی رووی داگرتبوو ، زۆر بە ناسکی پێشوازیی کردم .. تۆقەی لە گەڵا کردم .. دەستێکی خستە سەر شانم و وتی:
- – فەرموو ..دانیشە ... بە خێرهاتیت..فەرموو مامۆستا...فەرموو.
- منیش دانیشتم ... نەختێ سەری خۆی لەقاند و لەگەڵ خۆیا بۆڵاندی و ماوەیێك تێم راما و ئنجا وتی:
- – مامۆستای بەرێز ...تۆ وەك مامۆستاییێکی چاك ناسراوی ... من داوای تۆم کردبوو بێی بەڵکو لەگەڵتا پێك بێم دەرسی تایبەتی بە کوڕەکەم بڵێیتەوە ... ئەو خواگرتووەی رامسپاردبوو بە شتێکی تر تێگەیشتبوو.

**هەولێر ١٩٧١**

(مارشی ئافرەتان – خوێندەواری – مارشی راپەڕین – ئێمە قوتابین – وەرزش – قوتابخانەکەم ئەی ولاتم – منالی کوردستان – خوێندن ) هەموو لە جوانترین و ناسکترین سروودەکانن.

ئەمانە هەموو بەڵگەی ئەوەن کە بێخەو شاعیرێکی هەرە سەرکەوتووی گۆرانی و سروود شیعری منالان بوو.

بێخەو بەرهەمدارێکی بە پیتە. بەم دواییە ئەکادیمییای کوردی سەرجەمی شیعرەکانی لە بەرگێکی ٦٤٠ لاپەڕەیی بلاو کردەوە. وەك بزانم زۆری تری هەیە کە دیوانەکە نەیگرتۆتە خۆ.بۆ نموونە لەشیعریکیا کە من لە شەستەکانەوە لەبەرمە دەڵێ:

**چاوەڕوانیە ئازاری دڵدار**

**بۆ گوڵی هیوا و نەورۆز و بەهار**

لە دیوانەکەیدا نەکەوتە بەر چاوم.

بێخەو لە سەرەتای پەنجاکاندا دەستی بە شیعر نووسین کرد.هاوچەرخی گۆران بوو. ئەو سەردەمە قۆناغی گۆران خۆی چەسپاندبوو. زۆربەی زۆری شیعرەکانی بێخەو لە ژێر ئالای ڕێبازی گۆراندا دارێژراون. بێخەو یەکێ بوو لەوانەی ڕۆڵی گێڕا لە چەسپاندنی گورانیزم.لەگەڵ ئەمەشا گەلێ شیعری هەیە کە بە پێی پێڕەوی کلاسیکی دانراون . تیایاندا وەستایەتی و شارەزایی تەواوی خۆی لە شیعری کلاسیکیدا دەردەخا ، بە تایبەتی لە پێنج خشتەکییەکاندا لەسەر شیعری( ئەحمەد موختار بەگی جاف و وڵدار و شوکری فەزلی).هەروەها لە شیعری (قسەی خەڵکی) و (خۆمان ناناسین) و زۆری تر.

لە شیعری (خۆمان ناناسین)دا بێخەو نیگەرانیی خۆی دەردەبڕێ بەرانبەر ئەو لاوە کوردانەی کە خۆیان بە کورد نازانن و داویانە پاڵ دژەکوردان:

**نەماوە غیرەت و شەرمێ لە لای چەند لاوی کوردانم**

**کە خۆی کورد و لە شاری کورد ئەڵێ من کوردی نازانم**

**بە نانی کورد لە خاکی کورد ژیاوە باوك و باپیری**

**کەچی ئەمڕۆکە گۆڕاوە بەمە دڵ پەست و پڕژانم**

**زمانی خۆی لا گرانە و بۆ بێگانەش وەکو بلبل**

**بڵێم چی بەم بێبارانە گەلی دۆست و ڕەفیقانم**

**.....هتد**

بێخەو تێکۆشەرێکی نەبەرد بوو. هاوار و دەنگی هەژار و چەوساوەکان بوو بە ڕووی زۆردار و خۆفرۆش و چەوسێنەران. لەسەر ئەم هەڵوێستانەی گەلێ ئازاری چێشتووە دووچاری گەلێ نەهامەتی و دەربەدەری بووە و گەلێ بەندیخانەی کردووە.

بێخەو لەسەرجەم  بۆنە و ئاهەنگەکانی نیشتمانی  و نەتەوەیی ، بە خوێندنەوەی شیعر، بەشـداریی کـردووە. شـیعرەکانی ئاوێنـەی مێـژووی تێکۆشـانی نەتـەوەیی و بووژانـەوەی سـەردەمێکی گرنگـی مێـژووی کـوردن. ئـەوەتا یەکـەم کۆمەڵـە شـیعری لـە سـاڵی ١٩٥٩ بەناونیشانی (زەنگی کاروان) بڵاو کردۆتەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا درووشمێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەیە.

یەکەم شیعری ئـەم دیوانـەی کـە لـە بەندیخانـەی کـەرکوك لـە ١٩٥٣/٨/٢٨ داینـاوە بـە بۆنەی ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر، تیایدا دەڵی:

**لە دوای ستەمی زۆری خوێنمژان**

**هەستی جوتیاری دەشت هاتە کوڵان**

**دژی ڕەفتاری زۆرداری  بەدکار**

**ڕاپەڕی  چینی ڕەنجبەر و جوتیار**

**بۆ مافی ژین و یەکسانی و دادی**

**بۆ سەرفرازی و خۆشی و ئازادی**

تا دەڵێ

**ڕۆژێك دێ میللەت ڕاپەڕی وەك شێر**

**تەختی خوێنمژان بکا سەراو ژێر**

**تۆڵەی جوتیار و پاڵەی بەش خوراو**

**تۆڵەی لاوانی بە ناحەق کوژراو**

**بسەندرێتەوە لە خوێنمژی گەڕ**

**لە چاوی دز و ڕەنجخۆری بەد فەڕ**

بێخەو دەستی باڵای هەیە لە ئۆپەرێت نووسین. لەم بوارەدا شەش ئۆپەرێتی نووسـیوە. هەموو بە ناوەرۆکی پەروەردەیی و نیشتمانپەروەری و مرۆڤایەتی چنراون.کە ئەمانەن:

١ – داستانی گەل ١٩٧٧

٢ – ڕووباری ژیان ١٩٧٨

٣ – ئەنجامی یەکبوون ١٩٨٩

٤ – یەکبوون و سەرکەوتن ١٩٩٢

٥ – ئاواتی شیرین ١٩٩٢

٦ – ئازادی ١٩٩٢

هەموو لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی قوتابخانەکان) ئامادە و نمایش کراون و دوانیان خەڵاتی یەکەمیان لەسەر ئاستی عیراق وەرگرتووە.

بێخەو شیعری گاڵتە و گەپ و کاریکاتێریی سەیر و سەرکەوتووی هەیە. لە شیعری ( ژوورەکەمان لە شەقڵاوە ) دەڵێ:

**خانوویەکمان گرت لە ناو شەقڵاوە**
**تاکە ژوورێك بوو وێنەی کەلاوە**
**دیوار خوار و خێچ سەربان داتەپیو**
**بێ کون و تاریك کاریتە ڕزیو**
**درێژی و پانیی شەش بە چوار هەنگاو**
**بە سێ کۆڵەکەی نارێك وەستێنراو**
**لە میچی ڕەش و ڕیزی کۆنە دار**
**خۆڵ و تەنیمان بۆ دەهاتە خوار**

...هتد

بێخەو شاعیری عیشق و جوانی و بەهارە. لە ساڵی ١٩٥٦ لە شەقڵاوە ژیا .شەقڵاوەی پڕ باخ و ئاو و کانی و نیگاری ئەفسوناوی و بەهارە پڕ مێرگ و لالەزارەکانی ، بۆی بوونەتە مایەی سرووش . .. لەو ماوەیەدا چەن شیعرێکی نووسیوە ( لەگەڵ کێوی سەفین – شەقڵاوە – نەورۆز ) و زۆری تر کە تیایاندا جوانیی سروشتی کوردستان و دیمەنە دڵڕفێنەکانی بوونەتە هەوێنی داهێنانی. لە شیعری بەهاری کوردستاندا دەڵێ:

**وەرە بڕوانە جوانیی کوردستان کاتی بەهارە**
**ڕەنگینە تارای دەشت و کێو و دۆڵ مێرگ و گوڵزارە**
**بۆ هەر لا بڕۆی هەر دڵ ڕفێنە و دیمەنی جوانە**
**سروشت سەراپا ئەفسووناوییە خۆشیی گەشتیارە**
**کێوانی بەرز و بەفرین و بەدار شادیی دڵانن**
**قەڵبەزەی تاڤگەی کەف زیوینی شاخ سۆمای ڕێبوارە**
**سروەی گوڵاوی پەخش وبڵاوە لە مێرگ و دۆڵان**
**مایەی سرووش و هەوێنی شیعر و چارەی بیمارە**
**گیا و دەغڵودان شنەشنیەتی هاتۆتە جۆش**
**خشەی گەڵای دار خوڕەی ئاوی چەم هاژەی ڕووبارە**

**.....هتد**

# مەدحەت بێخەو و ڕوانگە

لە ١٩٧٠/٤/٢٤ دەستەیێك شاعیر و چیرۆكنووس و ئەدیبی كورد بەیاننامەیێكیان لە شاری بەغداد دەركرد بە ناوی (بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی كوردیی نوێمانەوە). تێیدا باسی بزووتنەوەی نوێگەری لە شیعری كوردیدا و هۆكارەكانی و ڕەوشی ئەوسای شیعری كوردی دەكەن و هەندێ پێڕەو و ڕێسا بۆ چۆنبوونی شیعر دەخەنە ڕوو. لە گرینگترین خاڵەكانیدا دەڵێن:

**(... بانگەوازی ئەدەبیی ئیمڕۆ بانگەوازی نەوەی شۆڕشگێڕ و سەدەی هەڵگەڕانەوە و یاخیبوونە بەرانبەر سەراپای مەیدانەكانی ژیان...بانگەوازی ئەو وشە و هەست و بیرانەیە كە سنوورێك نییە بۆ ئەوەی بە زۆر بیانبەستێتەوە بە دۆش و داماوی ڕاگیریان بكات ، بەری چوونە پێشەوە و چاونەترسییان لێ بگرێت).**

گەر چاوێك بە بەرهەمەكانی مەدحەت بێخەو بخشێنین زۆر بە ڕوونی دەردەكەوێ كە مەدحەت بێخەو دە ساڵێ لەوەوبەر زۆر شیعری بڵاو كردۆتەوە تیایاندا پەیڕەوی ئەو فۆڕمە شیعرییەی كردووە كە لە بانگەوازەكەدا هاتووە و هەموو سیماكانی تێدا بەدی دەكرێن و تاموبۆی ڕوانگەیان لێ دێ ، بە تایبەتی كۆمەڵە شیعری (ڕابەری ژیان – ١٩٦٨چاپخانەی شەفیق – بغداد)وەك لە شیعری (گۆرانی نەمر ١٩٦٢ – ڕەشەبا ١٩٦٣ – تەمەنی هار – ١٩٦٣ و هیتر). بەمە دەردەكەوێ كە لە ڕووی مێژووییەوە (مەدحەت بێخەو) بنیاتنەری بزووتنەوەی ڕوانگەیە. لێرە بە نموونە شیعری ڕەشەبا دەهێنینەوە كە لە ساڵی ١٩٦٢ دا نووسیویەتی دەڵێ:

**( وا ڕەشەبا**

**هێرش ئەبا**

**بۆ كاری لار و ناڕەوا**

**لە كێو و چۆل**

**لە بەرزی و دۆڵ**

**بە وژەوژ.. بە بۆڵە بۆڵ**

**بە بێهۆشی**

شەڕ ئەڕۆشی

بە تەوژمە تین و جۆشی

ئەلوورێنیٚ ئەگرمێنیٚ

چقلٚ و درك لە دوور دێنیٚ

لە شار و دیٚ ئەیبەخشێنیٚ

پاکی و کپی ئەشێوێنیٚ

ڕەشەبای هار..

ئەی بۆڵەی شووم

هەی نالەبار

دۆستی شەوی سامناك و تار

بۆ کیٚ ژیان

ئەکەی بە ژان؟

وا بیٚ وچان

پیشەت بوویتە جەور و تاوان

بۆ چی..بۆ کیٚ ..؟

بۆ کام لاییٚ

بە چ ڕاییٚ؟

بە هەزاران گەڵای داران

هەڵیان ئەدەی بۆ ڕوباران

با ڕەش تاکەی..

هەڵمەت ئەبەی

کونج لە هەژاران تێك ئەدەی

تاوانی بیٚ پایان ئەکەی

بۆت ئەلویٚ تۆ هەر وا بکەی. !

تۆ چیت ئەویٚ؟

بەڵیٚ ئەزانم ئەتەویٚ

ئەم ئامانجانەت سەرکەویٚ

دار گەڵا و بەری زۆر نەبیٚ. !

سێبەری خۆش و بۆر نەبیٚ

**ئەمەش چەن کۆپلەیێك لە شیعری تەمەنی هار ١٩٦٣ :**

**لەم سەردەمە**

**کە ئاسۆ موژدەی لە دەمە**

**لە گشت لایێ ڕاپەڕینە**

**کۆتایی چەوسان و تەمە**

**....**

**کامە چەك زۆر بە زیانە**

**ئەیخەنە کار**

**بۆ ئەو گەلەی**

**داوایەکەی**

**تەنیا سەربەستیی ژیانە**

**....**

**دەرئەکەوێ تیشکی هەتاو**

**بە شۆڕش و قینی تەقیو**

**هێز نییە کاروان ڕاگرێ**

**...**

کەم بابەتی شیعری هەیە بێخەو بە سەرکەوتوویی خۆی لێ نەدابێ ، هەمووشی تەرخان کردووە لە پێناو جوانی و خۆشەویستی و مرۆڤایەتی و کوردایەتی و نیشتمان و بیری ڕوونی ئامانجدار بە هونەرێکی شیعریی پتەو بە کوردییەکی پاراو و ڕوان و ڕەسەن .هەر یەکە لەم بابەتانە بۆی هەیە ببێ بە کەرەسەی چەن لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی بەهۆیانەوە ڕۆڵ و پلە و پایەی ئەم داهێنەرە لە کاروانی مێژووی ئەدەبی کوردا بخرێنە ڕوو.

تەندرووستی و تەمەن درێژی بۆ دەخوازین

**د. وریا عومەر ئەمین**

**٢٨-١٢-٢٠١٣**

**ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی (هەولێر) ژمارە ١٨٥٩ ی ٢٠١٤/٣/١٢ بڵاوکراوەتەوە.**

# ئیبراهیم باڵدار

## د. وریا عومەر ئەمین

ڕۆژنامەی هەولێر. ژ ۱۹٤۱ م ۲۰۱٤/۷/۱۳

(۱۲ ی تەمموز ۱۹۹۸) یادی حەڤدەساڵەی کۆچی پەروەردگار

ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە ساڵی ۱۹۲۰ لە گەڕەکی سابوونکەراندا لە سلێمانی لە دایك بووە.
۱۹۳۹–۱۹٤۰ پەیمانگەی مامۆستایانی لادێیی تەواو کردووە لە بەغداد.
۱۹٤۰ بۆتە مامۆستا لە دێی سورداش .لە قوتابخانەکانی تەوێلە ، هەڵەبجە ، چوارتا مامۆستا بووە.

۱۹۵٦ کولێجی بازرگانی و ئابووریی لە بەغداد تەواو کردووە .

۱۹٦۱ بڕوانامەی ماستەری لە پەروەردە و دەروونناسیدا ، لە کولێژی سانفرانسیسکۆ لە ئەمەریکا وەرگرتووە.

۱۹٦۸ بۆتە مامۆستا لە کولێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی.

۱۹۸۱ لەگەڵ گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر چۆتە هەولێر و وەك مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین بەردەوام بووە.

۱۹۸۲ گوێزرایە زانکۆی موستەنسریە لە بەغداد و لە ۱۹۸۳ دا خانەنشین کرا .
۱۹۸٤–۱۹۹۸مامۆستای وانەبێژ بوو لە کولێجی پەروەردەی زانکۆی بەغداد.

لە ۱۲ ی تەممووزی ۱۹۹۸ لە بەغداد کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی برایە سلێمانی و لە گردی سەیوان نزیك مەڵبەندی لە دایکبوونی بە خاك سپێررا.

لە ساڵی ۱۹۸٤ من سەرۆکی بەشی کوردی بووم لە زانکۆی بەغداد کە بیستم مامۆستا بالدار خانەنشین کراوە یەکسەر پەیوەندیم لەگەڵدا کرد و داوام لێ کرد بێ وەك وانە بێژێکی دەرەکی وانە لە بەشی کوردیدا بڵێتەوە.یەکسەر ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی. ماوەی ۱٤ ساڵ ، تا کۆچی دوایی ، لە بەشی کوردی وانەی ڕێبازەکانی وانەوتنەوەی بە قوتابییانی بەشی کورد وتەوە و

# الذكرى الاولى لرحيل العلامة د. حسين علي محفوظ

أ.د. وريا عمر أمين
كلية تربية ابن رشد – جامعة بغداد

جريدة البرلمان ع ١٠٤٣ في ٢٠١٠/١/١٩ و جريده كليه اللغات ٢٠١٠/٩

كان الدكتور العلامة حسين علي محفوظ رحمه الله انسانا نبيلا وأديبا مبدعا و عالما متواضعا وشاعرا و باحثا متعمقا و ناقدا وتراثيا عريقا وموسوعيا كبيرا ومؤرخا و متصوفا زاهدا ، حيث تنوعت وتعددت نشاطاته وأسهاماته الفكرية والثقافية عبر التأليف وكتابة البحوث و المقالات وإلقاء المحاضرات و حضور المجالس . نشر مايقارب من ٢٠٠٠ مؤلف مابين كتاب و دراسة و بحث و تحقيق وتعليق و ترجمة وفي مختلف الاختصاصات و نال من الالقاب السامية مالم ينله أحد من قبل حيث عرف بـ ( الموسوعة المتحركة) و (أستاذ المستشرقين) و (الأستاذ الأقدم) و ( المكتبة المتنقلة) و (المرجع الكبير في العراق) و (أبو المهندسين) و (الرائد الأمثل للتراث وعلم المخطوطات) و (شيخ العطارين والصيادلة) و (شيخ التراث) و (المصدر الكبير) و (شيخ بغداد) ( والمتصوف ) و ( الزاهد) و ( كنز بغداد) و.. و كان العلامة محفوظ من الأعلام المترفرفة العالية في ساحة الثقافة العراقية و من أعمدة المجالس البغدادية و حجة ومرجعا في علم الأنساب و التقاويم و التراث ومن كبار المعنيين والمتخصصين بحفظ الوثائق والتعامل معها.

من الاعمال الجليلة التي قدمها العلامة حسين علي محفوظ تأسيسه قسم الدراسات الشرقية في كلية الاداب – جامعة بغداد عام ١٩٦٩ ورأسه حتى عام ١٩٧٣، بعدها عمل استاذاً في القسم نفسه واستمر في التدريس و الاشراف على طلبة الدكتوراه حتى الرمق الاخير من حياته. تخرج على يده المئات من طلبة الدكتوراه و الماجستير و الباحثون.


تشرفت آخر دورة للدكتوراه في قسم اللغة الفارسية بكلية اللغات – جامعة بغداد بأن سميت بدورة ( حسين علي محفوظ ). تألفت الدورة من الطلبة ( إسماعيل حمة سورأمين – رؤوف محمود سعيد – فاطمة سعدي حسين – ناهي عبد إبراهيم – مدين عبد العزيز رشيد –

كاظم محسن كاظم – خيرية دماك قاسم – سلمان منعم سلمان – مراد كاظم فرحان – غازي لعيبى شويَل – سامي عبد ألحسن راضي). من بين هؤلاء حظي كل من ( ناهي عبد إبراهيم و إسماعيل حمة سورأمين و رؤف محمود سعيد) بأن يشرف عليهم الراحل حسين على محفوظ.

تشكلت لجنتين برئاستي ( أ.د. وريا عمرامين) وعضوية كل من ( أ.م. د. عمادالدين عبدالرزاق سلوم و أ.م.د نجم خالد الوندى و أ.م.د. عمران سلمان موسى و أ.م.د. عادل مجيد كرمياني و المشرف أ.د. حسين علي محفوظ) لمناقشة كل من الطالب إسماعيل حمة سور و الطالب رؤوف محمود سعيد و حدد يومي الاربعاء المصادف ١٧ و ٢٠٠٨/١٢/٢٤ موعدا لمناقشتهم.

حضر الدكتور حسين علي محفوظ يوم الأربعاء المصادف ٢٠٠٨/١٢/١٧. أستقبلناه نحن تلامذته و زملائه ومريديه و محبيه بحفاوة بالغة .جلس بيننا وتحدث الينا و اتحفنا بأحاديثة الجميلة و الرقيقة و كلماته العميقة .. لم نكن نعلم بأن هذه هي زيارته الوداعية للقسم الذي اسسه و عمل فيه حوالي نصف قرن ولم نكن نعلم ان هذا هو لقائنا الاخير به. ودعناه على أمل أن نلتقي بعد أسبوع لمناقشة الطالب رؤوف محمود سعيد.

حضرت صباح يوم الاربعاء ٢٠٠٨/١٢/٢٤ وحال وصولي سلمني السيد رئيس القسم الدكتور عبد الاله محمد حسن هذه الرسالة التي بعث بها المشرف على الطالب الاستاذ الدكتور حسين علي محفوظ و بخط يده يعتذر فيها عن الحضور لسفره .


بسم الله الرحمن الرحيم
الإخوة الكرام والأولاد الأعزة، الأساتذة الأفاضل، أعضاء اللجنة
المحترمين
تحيـــــــــة طيبة
كنت أتمنى أن أسعد بصحبة الإخوة الكرام والأولاد الأعزة، ولكن
الارتحال دون هذه السعادة، وإذا حرم الولد الكريم بغيابي المعلم والأب
الروحاني والوالد المعنوي فإنه سعيد بكم جميعاً آباء، يحظى بما يطوله إن
شاء الله من أبوة برة ورعاية وعناية واهتمام، وسلامة لكم وسلام عليكم
مع الأدعية والتحيات والأماني
٢٠٠٨/١٢/٢٤
محفوظ

**(( بسم الله الرحمن الرحيم**

**الاخوة الكرام والاولاد الاعزة الاساتذة الافاضل اعضاء المناقشة المحترمين**

**تحية طيبة**

**كنت اتمنى ان اسعد بصحبة الاخوة الكرام و الاولاد الاعزة ، ولكن السفر حال دون هذه السعادة ، واذا حرم الولد الكريم بغيابي المعلم و الاب الروحاني و الوالد المعنوي ، فأنه سعيد بكم جميعا اباء يمتع بما يولونه ان شاء الله من ابوة برة و رعاية و عناية و اهتمام و سلامة لكم و سلام عليكم مع الادعية و التحيات و الاماني.**

**٢٠٠٨/١٢/٢٤**

**محفوظ ))**

تمنينا له خيرا... من المحتمل ان تكون هذه الرسالة اخر ما كتبه الراحل حسين علي محفوظ.

عاد محفوظ من سفره ولم تمر الا اياما معدودات و باسى بالغ فوجىء بغداد بنبأ رحيل شيخه و عاشقه ، العلامة د. حسين علي محفوظ مساء الاثنين ١٩ كانون الثاني ٢٠٠٩. رحل محفوظ و تركنا وترك وراءه إرثا ثقافيا عراقيا وإنسانيا عريقا لاتقدر بثمن. رحمه الله واسكنه فسيح جناته.



**من اليسار: أ.د. حسين علي محفوظ – د. أسماعيل حمة سور أمين – أ.م.د. عمادالدين عبدالرزاق سلوم – أ.د. وريا عمر أمين – أ.م.د. عادل مجيد – أ.م.د. نجم خالد الوندى.**

